# نامەکانی لینین



**وەرگێران و  ئامادەکردنی**

**مەحموود محەمەد عوسمان**

پێشەکی

له 1924/1/21 پێش 81 سال بەر له ئێستا دله پڕ له ووزه و پڕ له محیبەتەکەی لینین بۆ زەحمەتکێشان و گەلانی دوونیا وەستا . لینین که هەموو تەمەنی تەرخان کردبوو بۆ ئازادی و یەکسانی ئینسان وه بۆ بونیاتنانی کۆمەلگایەک که شایەستەی مرۆڤ بێ . زوو گیانی له دەستدا وه بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و خەلکی زەحمەتکێش زەرەرێکی گەوره بوو . هەموو ئەرکی سیاسی لینین وەک شۆرشگێرێک بریتی بوو لەروخانی سستمی سەرمایەداری چی, وەک پراکتیک  که بەشداری و رابەرایەتی شۆرشی ئەکرد وه چی وەک تیووری له رۆشن کردنەوەی بیر و باوەری سۆسیالزمی وه ئاشکرا کردنی درندایەتی سەرمایەداری وه ک سستمێک لەهەموو روویەکەوه . تەنانەت قسه کردنی لەسەر ئەو رەوته فیکری و فەلسەفیانه که پشت و پەنای بورجوازیەت بوون وه به شێوەیەک له بەرهەمەکانیانا دژ به بزووتنەوەی کرێکاری بوون .

لینین له 37 سالی تەمەنی سیاسیدا . 55 بەرگ ( مجلد ) و هەزارەها نامه و برووسکەی نووسی . وه ژیانی سیاسی لینین هێله گشتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری له رووسیا پێشان ئەدات . ئەوەی ئەمەوێ پێشکەشی بکەم له یادی گیان له دەستدانی هاورێ لینین بۆ خوێنەری کوردی بریتییه له نامەکانی لینین و بیرو بۆچوونی لینین بۆ هونەر و ئەدەب . له هەنگاوی یەکەمدا ئەونامانه  بلاو ئەکەمەوه که له نیوانی لینین و گۆرگیدا هەبوو  وه ئەو نامانه و نووسینانه  که پەیوەندیان هەیه به هونەر و ئەدەبەوه وه هەلسەنگاندنی لینین بۆ هونەر و ئەدەب وه رەخنەکانی لینین لەو بووارەدا .  پاشان چەند ووتارێک و نووسینێک که لەسەر نامەکانی لینین نووسراوه . من بەم شێوەیه ئەم کاره ئەنجام ئەدەم وه لەم سەرچاوانەی خوارەوه ئەم نووسینانه ئاماده ئەکەم وه نامەکانیش هەر لەم سێ سەرچاوەیه وەرئەگێرم بەتایبەتی سەرچاوه عەرەبییەکان که زۆر ووتاری لەخۆ گردووه جگه لەوەی که

دەقی نامەکانی تێدایە .. یەکەم ئەو پێشەکییەی کە لە خوارەوە هاتووە بەناو ( نامەکانی لینین بەشێکی جیانەکراوەیە لە بەرهەمەکانی لینین ) لە کتێبی نامەکانی فلادیمیر ئیلیتیش لینین وەرمگێراوە کە لە بلاو کراوەکانی ( دار الادب السیاسی ) مۆسکۆ وەرگێرانی لەزمانی رووسیەوە ( هشام الدجانی ) .ئەم کتێبە لێکۆلینەوەیەکە لە سەر نامەکان .وە نامەکانی دابەشکردووە بۆ چەند جۆرێک هەرچەندە دەقی نامەکانی تیدانییە , بۆ نموونە نامەکانی بەم شێوەیە دابەش کردووە دەربارەی شۆرشی ئوکتۆبەر , ئابووری , جەنگ . گەلان . رۆشنبیری . دووەم : نامەکانی بە عەرەبی لە دوو بەرگدا هەیە کە بەناو لینین دەربارەی ئەدەب و هونەر ( ف,ا,لینین فی الادب والفن ) وەرگێرانی لە رووسیەوە ( یوسف حەلاق ) ئەم دوو بەرگە کە 600 لاپەرە لە خۆ ئەگرێ هەموو نامەکانی لینین وە بیر و باوەری لەسەر هونەر و ئەدەب تیایدایە بەتایبەتی نامەکانی بۆ مەکسیم غۆرگی .وە بەشێکی تایبەتیشی تێدایە دەربارەی تۆلستۆی , وە کۆمەلێ ووتاریش دەربارەی رۆشنبیری و کەلتوور و زمان .سێیەم : وە بەزمانی هۆلەندی ( لینین و گۆرگی . نامەکان . بیرەوەریەکان . دیکۆمەنتەکان ( **Lenin en Gorki . Brieven .Herinneringen . Documenten** )

ئەم پەرتۆکە کراوەتە سێ بەشی سەرەکی گەورەوە . بەشی یەکەم : هەموو ئەو نامانەیە لە نێوان لینین و گۆرگی وە جگە لەو نامانە کە راستەو خۆ بووە .نامەی تریش لە خۆ ئەگرێ کە لەلایەن ئەمانەوە بۆ کەسی سێیەم نراوە . بەشی دووەم : قسە کردنی لینین لەسەر گۆرگی . وە بەشی سێیەم قسە کردنی گۆرگییە لەسەر لینین .

## نامەکانی لینین بەشێکی جیانەکەرەوەیە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی

دەرچونی هەموو کارەکانی لینین بەتەواوەتی لە 55 بەرگدا , رووداوێکی بەنرخە لە ژیانی فیکری پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی وە لە ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی وە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی بەگشتی . وە بلاوکردنەوەی رۆلێکی بەرچاوی ئەبێ بۆ پێشخستنی زانستی لە شوورەوی . بەتایبەتی زانستییە کۆمەلایەتییەکان .وەلە پەروەردەکردنی تێوری و پراکتیک بۆ کادرەکانمان , وە بۆ پەروەردەی کۆمۆنیستی بۆ زەحمەتکێشان .

بەرهەمەکانی لینین قوناخێکی نوێ لەلینیزم وە لە گەشەکردنی تیوری شورشگێرانە لە مارکسیزم وکۆمۆنیستی زانستی دامەزراند . وە لینیزم بە سەرچاوەیەکی زیندوو دائەنرێ بۆ بیرۆکەی شۆرشگێرانەو کاری شۆرشگێرانە . وە بیر و باوەری لینین سال بە سال ئەوە ئەسەلمێنێ کە کاریگەرییەکی بەردەوامی ئەبێ لەسەر رووداوەکانی مێژووی جیهانەوە .

ئەم بیر و باوەرانە پەرە ئەسێنێ و سەرئەکەوێ , وە بەرجەستە ئەبێ لە بوونیاتنانی

کۆمۆنیزم لە شوورەویدا , وە لە گەشەکردنی سستمی سۆسیالیستی جیهانی , وە لە گەشەکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی بە رادەیەکی فراوان .

وە هەموو بەرهەمەکانی لینین کە پێک هاتووە لە هەموو نووسینەکانی و بەلگەکانی کە لە ماوەی 30 سالی چالاکییەکانی نووسیووە . لە 1893 وە دەستی پێ ئەکات تا 1923 . وەنزیکەی 9 هەزار بەلگەی بلاوکرایەوە لە نێوانیاندا هەزار بەلگە بۆ یەکەم جار بلاو ئەبێتەوە .

وە نامەکان و بیرەوەریەکان و برووسکەکانی لینین بەشێکی جیانەکەراوەیە لە بەرهەمەکانی وە شوێنێکی گرنگی گردووە لەو سامانە زۆرەی کە لینین لەدوای خۆی بەجێهێشت .. وە وەک بەلگەیەکە کە هەموو چالاکییە سیاسییەکان و رێکخستنە تیۆرییەکان بە فراوانی تێدایە بۆ دامەزرێنەری حزبمان و دامەزرێنەری ولاتی شۆرەوی و رابەر و مامۆستای پرۆلیتاریای جیهان .

نامەکانی لینین بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ لێکۆلینەوە لەسەر مێژووی حیزب . هەر یەکێ لەم نامانە بەلگەیەکی مێژوویە کە مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی تیایدا رەنگ ئەداتەوە .وە مەحالە بتوانین لیکۆلینەوەیەکی قوولمان هەبێ بۆ مێژووی حیزب بەبێ ناسینی رونوسینەکانی ( النسخ ) لینین .

وە ئەم نامانە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیش لە خۆ ئەگرێ . لینین خەباتێکی شیلگیرانەی بێوێنەی کرد دژ بە هەلپەرستان ( الانتهازیە –ئۆپۆرتۆنیسم ) لە راست و ( چەپ) لەریزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی , وە خەباتی کرد لەپێناو بەدەستەوەگرتنی هێزە شۆرشگێرەکان بە بیروباوەری ئینترناسۆینالستی پرۆلیتاریا . وە لینین دامەزرێنەری ئینترناسوێنالستی سێیەم بوو . وە ئەو نامانەی کە بۆ رابەرانی پرۆلیتاریای نێونەتەوەیی ناردبوو شایەتی ئەویە

وە گرنگی نامەکانی لینین لە رووی تیۆرییەوە زۆر مەزنە .لینین لەم نامانەدا پەرە بە گرنگترین بابەتەکان ئەدات بۆلێکۆلینەوەی مارکیسیزم و بەرنامەی حیزب و سیاسەتی و تەکتیکی و ئستراتیجییەتی

وە زۆرێک لە نامەکانی لینین تەواوکەری کارە کلاسیکییەکانێتی .وە بەرۆشنی لەم نامانەدا خەباتییێکی بێ وێنە ی لینینمان بۆ دەر ئەکەوێ لە پێناو پالاوتنی تیۆری شورشگێرانە و لە پێناوی ئستراتیج و تاکتیکی شۆرشگێرانەی بەردەوام .

لێکۆلینەوەی نامەکانی لینین بیرۆکەیەکی رۆشنمان ئەداتێ دەربارەی جۆری خەبات کە حیزب پەیرەوی ئەکرد لە بەرنگاربوونەوەی دژ بە دەسەلاتی دەرەبەگەکان و سەرمایەداران .

تەنها ئەوە بەستە کە بلێن لە نامەکانی لینیندا پیلانی شۆرشی چەکداری دانرا بەتایبەتی دەربارەی سەرکەوتنی شۆرشی ئوکتۆبەری سۆسیالیستی مەزن. وە مەرجەکانی سەرکەوتنی

دیاری کرد لە ئوکتۆبەری سالی 1917 .وە هەروەها خەباتی پالەوانانەی حیزبی کۆمۆنیست و چینی کرێکار و خەلکی زەحمەتکێش لە سالەکانی شەری ناوخۆدا لەناو ئەم نامانەدا رەنگ ئەداتەوە .
وە دوای ئەوەی کە داگیرکەران دەرکران وە شەری ناوخۆ کۆتای پێهات . سالانی بونیاتنانی ئابووری ئاشتیخۆازانە دەستی پێکرد . وە ولات وورده وورده ئەو برینانەی سارێژ ئەبوو کە لە ئەنجامی شەر و روخانی ئابووری و وێرانی رێگەوبان و برسێتی تووشی بووبو. وە نامەکان و برووسکەکان و بیرەوەریەکانی لینین لەو ماوەیەدا نیشانیان ئەدا کە چەند خودی لینین و حیزب و کۆمیتەی ناوەندی ئەو راسپاردەیان بەجێهێنا و چەند لە توانایان بوو خستیانە گر بۆ دانانی رێگەیەکی درووست بۆ بوژانەوەی ئابووری وە خەبات کە ناچاربوون بیگرنە بەر دژ بە تروتسکییەکان وە هەلپەرستەکانی تر کە بە توندی دژ بە هێلی لینیزم وەستان .
وە لە زۆر لەو نامانەدا بارودۆخی و ژیان و کارەکانی لینینمان بۆ رۆشن ئەبێتەوە . وە لەنیوانیاندا ئەتوانین بگەینە ئەوەی کە لینین چۆن کارە عەبقریەکانی دانا . وە بەهۆیانەوە ئەتوانین چالاکییەکانی بزانین لە زنجیرە شۆرشگێرانەکاندا , بوونی لە زیندان , دوورخستنەوەی , کۆچکردنی , رابەرایەتی کردنی چالاکیە نهێنییەکان بۆ چەند سالێک , وە هەموو قۆناغەکانی کاری شۆرشگێرانەی بەردەوام .
وە لێکۆلینەوە بۆ نامەکانی لینین ئەو بیرۆکە رۆشنەمان ئەدا بەدەستەوە کە چەند رێزی بۆ هەنگاوەکانی مارکس و ئەنجلسی دا ئەنا . وە نامەکانی بۆ رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی . وە لینین لە نامەکانیدا دەستنیشانی لایەنێکی روحی ئەکرد کەلەلایەن مارکس و ئەنجلەسەوە بەجوانی لە نامە گورینەوەکانیدا دەرئەکەوێ وەک دوو رابەری پەروەردەی پرۆلیتاریای جیهانی وە وەک دوو پەیامنێری عەبقەری . کە لە ناوەرۆکی تێورییە دەولەمەندەکەی مارکیسیزم دەرئەکەوێ . وە چەند جارێک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ناسینی نامەکانی مارکس و ئەنجلس گرنگییەکی مەزنی هەیە بۆ لێکۆلینەوەی تیوری شۆرشگیرانە .
لینین چەند جارێک ئاماژەی بە گرنگی بنەرەتی بۆ نووسینەکانی مارکس و ئەنجلس کرد . بەوەی کە ناوەرۆکێکی تیوری گەورە لە خۆ ئەگرێ لە پراکتیکا ( دیالیکتی ماتریالزم لەسەر بارودۆخی ئابووری سیاسی , لە سەر بنچینەکانی و پراکتیکی لەسەر مێژوو, و زانستە سروشتییەکان و فیزییەکان .)
نامەکانی مارکس بۆ ل.کوغلمان لەسالی 1907 بە پێشنیاری لینین چاپ کرا وە پێشەکییەکی بۆ نووسی . وە هەروەها نامیلکەیەک چاپکرا بۆ ( نامەکانی بیکەر , وەدیتسغین , وە ئەنجلس و مارکس و هەندێ کەسانی تریش بۆ ف, ا , زورغیە و کەسانی تر ) وە ئەو کاتەی کە بەرهەمەکانی ک.,مارکس وف, ئەنجلس بەزمانی ئەلمانی بلاوکرایەوە لە 4 بەرگ لە سالی

1913 دا لینین  خوی تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەیان بەقوولی وە پوختەی ناوەرۆکەکانیانی دەرکرد پاشان ووتارێکی لەسەریان نووسی بەناونیشانی ( نووسراوەکانی مارکس ئەنجلس (مخطوطات ماركس وأنجلس)

وە دوای سەرکەوتنی شورشی ئوکتۆبەر  بایەخێکی زۆردرا بە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دامەزرینەری سوسیالیزمی زانستی بە شێوەیەکی فراوان , لینین ف,ف,ئەدوارتسکی راسپارد بۆ دەستپێکردن بۆ ئامادەکردنی نامەکانی مارکس و ئەنجلس بەزمانی رووسی , وە کۆمەلی ئەدوارتسکی دەرچوو لە ئەپریلی (نیسان) سالی 1922 لەژێر ناونیشانی ( نامەکان , تیوری و پراکتیک لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنجلس )  دوای ئەوەی کە چەند نامەیەکی ئارەستەکراوی لەلایەن لینینەوە بەدەستی  گەشت . وەلینین بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەو سامانە فکری و تێوری کە لە توێ ناماکانی مارکس و ئەنجلسدا هەیە بەکاری ئەهێنا لە بەرهەمەکانیدا .وە بە بەردەوامی ئاماژەی بۆ ئەکرد لەکاتی بەراورد کردنی هەندێ هەلوێست لەگەل هەلوێستێکی نوێ مێژوو یان لەکاتی چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفت وە, ئەتوانینی بە رۆشنی هەموو چالاکییەکانی لینین لە رووی رێکخراوییەوە و لەرووی تیوورییەیوە بزانین بە درێژایی ئەوسالانەی کە چۆن  لینین لێکۆلینەوەی کردووە لەسەر نامەکانی مارکس و ئەنجلس . وە ئەم نامانە چەکێکی فکری بوو دژ بە هەلپەرستەکانەوە لە راست و چەپ  ,  وە زۆر ئاماژە بە نامە گۆرینەوەکانی بونیاتنانی کۆمۆنیستی زانستی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئەکات , وە بەکاری ئەهێنێ لە بەرهەمەکانیدا بە پەیوەست بە مەسەلەی نەتەوایەتی وە لە ( دەفتەرەکان دەربارەی ئمپریالیزم ) وە لە نووسینەکەی ( مارکسیزمی دەولەت ) وە ( دەولەت و شۆرش ) وە زۆری تر لە نووسینەکانی ,

ئەو بایەخە بەرزە کە لینین دابنابوو بۆ نامەکانی مارکس و ئەنجلس ئەمرۆ ئێمە هەمان بایەخمان هەیە بۆ نامەکانی لینین , وەک نامەکانی مارکس و ئەنجلس جێگەو رێگەی خوی هەیە لە چارەسەرێکی داهێنانە بۆ تیورێکی شۆرشگێرانە وە توانای بەپراکتیکردنی لە واقعدا . وە پەرپێدانی لەسەر بنەرەتێک کە بەتاقیکردنەوەیەکی مێژوویی نوێ چوارچێوەی بۆدابنرێ ,

وە نامەگۆرینەوەکانی لینین بەرفراوانە وە هەزارەها نامەو برووسکەو بیرەوەری لەخۆ ئەگرێ , هەتا ئێستا پێکەوە کۆنەکراونەتەوە . وە سەرلەنوێ ئەو نامانە دۆزرایەوە کە بە چاپێکی دیاریکراو تەنها لە بەرگەکانی لینین بلاوئەکرایەوە  , لە گۆڤارەکانی : ( شۆرشی پرۆلیتاریا ) وە ( دەنگوباسی سوور ) وە ( پالشەفیک ) وە (کۆمەنیست ) وە هەروەها لە رۆژنامەکانی ( پراڤدا ) وە ( ئەزفیستا ) . وە نامەگۆرینەوەکانی بەتەواوەتی بلاونەکرایەوە لە چاپی بەرهەمەکانیدا . بەلام لە چاپی دووەم و سێیەم دوو بەشی تەرخانکرا بۆ نامەکانی ئەویش ( بەشی بیست و هەشت و بیست و نۆ بوو ) وە لە چاپی چوارەمدا 6 بەشی نامەکانی تێدایە کە بریتییە (  34-35-37-43-44-45-وە نامەکان بەشێکی 36 ش پێکئەهێنێ ) وە

هەموو نامەگورینەوەکان لە کۆمەلەیەکی تەواو  کۆکرایەوە , کە  لە هەر دە 10 بەشی کۆتایی بەرگەکانی 46 هەتا 55 دا هەیە .
وە ئەو چوارچێوە مێژوویە کە دانرا بۆ هەموو بەشەکانی نامەگۆرینەوەکان بەم شێوەیە .
بەشی 46 بریتییە لەو نامانەی کە لە ماوەی 1893 _1904 . وە ئەو نامانانەی کە لینین لە سالانی 1905_1920 نووسیبووی لە بەشی 47 دایە .وە بەشی 48 ئەو نامانە لەخۆ ئەگرێ کە لە سالانی 1910_1914 نووسراوە .وە  مێژووی ئەو نامانەی کە لە بەشی 49 هەیە ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتای شەری جیهانی یەکەم پێش شۆرشی ئوکتۆبەری سۆسیالیستی مەزن ( ئاب 1914_تەشرینی یەکەم 1917 )
وە ئەو نامانە و برووسکانە و نووسراوە تەلەفونییەکان وبیرەوەرییەکان کە لە بەشەکانی 50, 51, 52, 53, 54, هاتووە ئەگەرێتەوە بۆ سالانی  شۆرشی ئوکتۆبەری سۆسیالیستی و ئەگەرێتەوە بۆ یەکەم پێنج سالی  دروستبوونی دەسەلاتی شورەوی (1917_1923)
وە بەشی 55  کە بەشی کۆتاییە پێکدێت لەنامەکانی لینین و بروسکەکانی و بیرەوەرییەکانی بۆ خزمەکانی وەک دایک و خوشکەکانی و براکانی و هاوسەرەکەی .
وە کۆی هەموو نامەکان وبیرەوەرییەکان وبرووسکەکان لەهەموو بەشەکانی بەرهەمە تەواوەکانیدا ئەگاتە 4580 نامە و برووسکە و بیرەوەری . لەوانە 2531 بەلگە بۆ یەکەم جار لە ناو بەرهەمەکاندا بەدی ئەکرێ , وە هەروەها 905 نامە کە بۆ یەکەم جار بلاوکرایەوە ,
لەبەر ئەوەی ئەم نامانە بەشێکی ئۆرگانییە وە گرنگە لە بەرهەمەکانی لینین ئەدەبی , بۆیە کاتێکمان ئەداتێ بۆ لێکۆلینەوە لەسەر چالاکە فراوەنەکانی لینین لە رووی تیووری و رێکخستن بەشێوەیەکی قوول و فراوان ,

مەحموود محمەد عوسمان

هۆلندا

2005_3_1

.